**ژیانی هاوبەش**

پێموابێ ئەو گوتەیە هی "وینستۆن چرچیل"ە:

**"ئەگەر دوو کەس هەموو هەڵس و کەوت و بۆچوونێکیان وەك یەك بێ، یەك لەوان زیادییە."**

ڕۆژێك لەسەر سایتێکی ئینترنێتی ئاڵمانی ئەو چیرۆکە کورتەی خوارەوەم خوێندەوە و وەبیر ژیانی هاوسەرایەتی تاقمیك مرۆڤ کەوتمەوە کە دوای ماوەیەك ژیانی هاوبەش، لێك جیا دەبنەوە و بە بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازبوونی مرۆڤەکان تەنیا خۆیان لەبەر چاو دەگرن و ژیانی منداڵەکانیانی پێ توونا دەکەن. هیوادارم بتوانرێ دەرس لەو چیرۆکە وەرگیرێت.

پیاوێکی پیر بە هۆی برینداربوونەوە، تولحی بەیانی دەچێتە نەخۆشخانە، دەبوو برینەکەی بدوورنەوە. مامەی پیر زۆر بە پەلە و بێ سەبرانە لە دوکتۆرەکە دەپرسێ: *"ئایا دەکرێ زوو کارەکەم جێ بەجێ کەن؟ چونکە من کاتێکی زۆرم نییە."* پەیتا پەیتا سەیری کاتژمێرەکەی دەکا و چاوەڕوانە هەرچی زووتر لە نەخۆشخانەکە بیتە دەرێ.

دوکتورێکی لاو هەست بە پەلەی مامەی پیر دەکا، بۆ لای دەچێ و هۆی بەپەلەبوون و نیگرانیەکەی لێ دەپرسێ. پێی دەڵێ ئەو برینەی تۆ هیچ شتێکی سەیر نییە و زۆر زوو چارە دەکرێ، پێویستیشی بە دڵنیگەرانی نییە. حەوڵ دەدەین بەپەلە بیدروینەوە و ئێوەش دەتوانن زۆر زوو بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان. ئینجا بە نیگەرانییەوە پرسیاری لێ دەکا: *"ئایا جیا لەوە، کێشەیەك یاخود نەخۆشییەکی ترتان هەیە؟"*

مامەی پیر وەڵامی دەداتەوە: کوڕم، من دەبێ زۆر بە پەلە بچمەوە بۆ خانووی بەساڵاچووان. ژنەکەم نەخۆشی خەمووکی گرتووە. ماوەی دوو

ساڵ زیاترە من ناناسێتەوە و نازانی من کێم. بەڵام هەموو بەیانییەك پێکەوە نان و چایی دەخۆین و پێمخۆشە لای ئەو بم.

دوکتۆر دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی ئێوە ناناسێتەوە، ئێوە هەموو ڕۆژێك دەچنە لای ئەو؟

مامەی پیر ماوەیەکی کورت دەڕوانێتە دوکتورە لاوەکە، زەردەخەنەیەك دەکەوێتە سەر لێوانی، بە پێکەنینەوە بە دوکتورەکە دەڵێ: کوڕم، ڕەنگە ئەو نەزانێ من کێم، بەڵام خۆ من زۆر بە باشی دەزانم ئەو کێیە، چونکە من ئەوم لە هەموو کەسێکم خۆشتر دەوێ.

دوکتورە لاوەکە مووچڕک بە لەشیدا دێت و دوای ڕۆیشتنی مامە پیرەش هەر بیر لە قسەکانی دەکاتەوە.

ئەو نموونەیە دەیسەلمێنێ کە خۆشەویستی هیچ سنوورێکی بۆ نییە، بەڵام هاوکاتیش پەیوەندیی دوو مرۆڤ لەخۆوە پێك نایە و پێویستی بە "کات"، "خۆڕاگری"، "سەبر" و هەروەها دوو مرۆڤەکە هەیە کە بڕیاری پێکەوە ژیانیان دابێ. ئەوە بەو مانایەش نییە کە دوو مرۆڤ بتوانن بە تەواوی و بێ کێشە لەگەڵ یەکتردا بسازێن، باوەکوو زیاتر بەو مانایەیە کە جوتێك یاخود دوو کەسی ناتەواو سەرەڕای جیاوازییان لە یەکتر، بەوە ڕابهێنرێن کە لە ژیانی هاوبەشی خۆیان چێژ وەربگرن. چونکە ڕەنگە بەختەوەرترینی مرۆڤەکان هەموو پێداویستییەکانیان بۆ پەیوەندیەکی تەواو و بێ عەیب لە ئیختیاردا نەبێ، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەن باشترین پەیوەندیی لە پێداویستییەکانی ژیانیان پێک بێنن.

نادر فەتحی (شوانە)

٢٠١٨/٠٨/٠٢